# "ڕێبوار عارف" هەڕەشە لەدەنگدەران ئەکات

کۆژان- ئارنهێم- هۆڵندا
2005-1-24

بە ڕاستی دوێنێ دوای خوێندنوەی ووتارەکەی ڕێبوار عارف لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئەورپادا واقم وورما لەسەر ئەوەی خەڵکیکی حیزبی پەنا بۆ هەموو شتێک ئەبەن بۆ ئەوەی بیری حیزبەکەیان بسەپێنن بەسەر کەسانێکدا کە ترسی برسیبوون دەرکرکردن لەخانوو هەڕەشەی کوشتن یان ئەتکردن زۆر شتی تریان لێبکرێ

ئەگەر ڕێبوار عارف بەتەنها لە ڕوویەکی مرۆڤدەستانەوە ئەو ووتارەی بنوسایە دەنگم نەئەکرد واتا لە ڕووی یاسایەوە دەلیلی 100% پێبوایە کە حکومەتە ئەوروپێکان سوود لە پرۆسەی دەنگدان وەرئەگرن بۆناردنەوەی پەنا بەران دەست خۆشیم لێ ئەکەرد بەڵام ڕێبوار سەرەتا وەک مەلای مزگەوت زۆرناشیانە هەڵوێستێکی سیاسیانەی وەرگرتووەو دەیەوێ ڕوونی کاتەوە کەس لە قازانجی بەشمەینەتانە نیە تەنها خۆی نەبێت واتا دووبارەکردنەوەی ئەو کۆمەڵە ووتارە زۆرانەی کەدژی هەڵبژاردن نووسراوە

ڕێبوار سوور زانیوەتی ئەوەی قەناعەتی بەهەڵبژاردنە بەو ووتارانە لەخشتەنابرێ بۆیە ناشرینترین قێزەووەنترین ڕێگای هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی خەڵک بەشداری هەڵبژاردن نەکات ئەویش بەترساندنی پەنابەر کە ئیقامەکەی لێبسەنەوە چونکە باسی 4ملیۆن عێراقی ئەکات واتا ئەوەی جنسێی هەیەوئەوەی چاوەڕێی جنسێیەو ئەوەی هێشتا هیچی نییەتی

ئاخر کاک ڕێبوار سەپاندنی دیدو بۆچونی حیزبێک ئەوە ئەهێنێ بەو شێوە میکاڤیلیانە هەڕەشە لە خەڵک بکەیت بە هەموو قەناعەتمەوە ئەڵێم ئێستا هیچ جیاوازیەک لە نێوان تۆو هەیئەی عولەمای موسلمین وکۆنەبەعسیەکاندا نابینم

لە مەسەلەی هەڵبژاردندا ئەوان پەنا بۆ فتواو تیرۆری جەستە ئەبەن تۆش پەنا بۆ تیرۆری عەقڵ و هۆش ئەبەیت

من بەرگری لە هەڵبژاردن ناکەم هەموو کەس ئازادە لەوەی دنگبدات یان دەنگ نەدات نەئەمم لاپیرۆز ئەبێت و نەئەو .بەڵام پەنابردن بۆ ترساندنی پەنابەر بۆ ئەوەی دەنگ نەدات نیشانەی مفلسبوونی قەناعەت پێکردن و ڕاستیوودروستی

ئەو بیروبۆچونانەیە کە هەڕەشەکەر کردوویەتی ئەگەر وانیە بۆ لەماوەی چەندین ساڵدا نەتانتوانیوە خەڵکێک لەدەوری خوتان کۆکەنەوەوبۆ ئەوەی بێ هەڕەشەدان بەقەناعەتەوە نەچووبایەن بۆدەنگدان نەک لەترسی وەرنەگرتنی ئیقامە. ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە ئایا چی دەڵێی بەو کەسانەی کەلە دڵەوە حەز ئەکەن بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن بەڵام دووای خوێندنەوەی ووتارە ترسێنەرەکەی تۆ پەشیمان ببێتنەوە دەنگ نەدەن لە هەمان کاتدا پاش هەڵبژاردن دنگدان نەبێتە هۆیەک بۆگەڕانەوەی ئەو پەنا بەرانە؟یان هیچ تەئسیرێک لە ڕەوتی پەنابەران نەکات . دەڵێیت ئەمە سیاسەتەو سیاسەتیش وەفای بۆکەس نیە دەڵێیت هەر هیچ نەبێت کولکێک لە بەراز بکەیتەوە هەر باشە دەڵێیت ئەم گەجەرو گوجەرانە هەر بۆ ئەوە باشن بخەڵەتێنرێن چونکە هێچ گفتوو گۆیەک نەبوو قەناعەتیان پێبکات کەبەشداری هەڵبژاردن نەکەن

تەنها مووچە بڕین و ئیقامە پێدان نەبێت. یان دەڵێت ببورن ئەی ئەو کەسانەی لە سەر ڕۆشنایی ووتارەکەی من دەنگتان نەدا ئامادەم ڕامکێشنە هەر دادگایەک کە ئێوەپێتان خۆشە بۆ ئەوەی سزای بەهەڵەبردنی ئێوە وەرگرم

لە دووایدا دەڵێم سەد ڕەحمەت لە گۆڕت مارکس کەگوتووتە ئامانجەکانمان هەرچەندەپیرۆز بێت بەڵام ڕێگای میکاڤیلیانە ناگرینەبەر بۆ بەدیهێنانی